# سێ ساڵمان لەتەمەنی دەنگەکان تێپەڕاند

سێ ساڵ لەگەڵ کیبۆرد و ماوس وئیمێڵدا. سێ ساڵ لە پەیوەند لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نوسەراندا ئەم سەرو ئەوسەری دنیامان لێک گرێداو بە کلیکە کردنێک لە دەرەوەی ئیرادەی پاسەوانەکانی سەر سنوورو سانسۆرکەرانی زمان و قەڵەم , خۆمان دەخزێنینە نێو ماڵەکانتانەوە.

کارەکانمان چەندە باش بووبن یان خراپ, چەندە کرچ و کاڵ بووبن یان کامڵ, ئەوەیان بۆئێوە بەجێدەهێڵین.
بەڵام هەمیشە بەو نیەتەوە کارمان کردووەو کاردەکەین, کەبتوانین بەشداربین لە دروستکردنی فەزایەک لە قبوڵکردنی یەکترو ببینە مینبەرێک بۆ هەموو تاکێک کە قسەیەکی هەیە, یان دەیەوێ قسەیەکی هەبێ بۆ ئایندەی کۆمەڵگاکەی .

کار بۆ ئەوە دەکەین لەدەرەوەی ئەو یاساو چوارچێوە ژەنگاوییەی قەڵەمەکان لە قاڵب دەداو نەخشەی ئایندەش دەسپێرێتە دەستی کۆمەڵێ لە قەڵەم بەدەستی حزب و خێڵ و دەیانەوێ بەپێی ویست و بەرژەوەندییەکانیان کۆمەڵگا وەپێش خۆیاندەن, تاکەکان پڕاوپڕ بارگاوی دەکەین بە خەونێکی ڕەنگاوڕەنگ و کۆمەڵگاو ئایندەکەشی بە موڵکی خۆیان بزانن .

ئێمە دەزانین زۆرێک لە دەسەڵاتە کۆنترۆڵ کەرەکانی عەقڵ و ئیرادە, ئەمڕۆ نیگەران و پەستن بەم ماڵ پەڕو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیانە, وەلەهەوڵی کەم ڕەنگکردنەوەو نیشاندانی وێنەیەکی ناشیرینن لە سەری, کێشەکە بۆ ئەوان لەوێوە نییە هەندێ جار و لە هەندێ ماڵپەڕ, جنێونامەی شەخسی و بابەتی بێپێز بڵاودەبێتەوە. بەڵکو لەوێوەیە کە ئیتر ناتوانن کارە دزێوەکانیان پەردەپۆش کەن, بەموچەبڕین و لولەی چەکی ئاسایشەکانیان قەڵەمەکان دەمکوتکەن.

ئێمە دەمانەوێ هاوشانی ڕۆشنبیرانێک هەنگاوبنێین کە دونیایەک خەونیان لەکۆڵ ناوەو بە چاوێکی پڕ لەهیواوە دەڕواننە ئاییندە و ژیانێکی باشتر بۆ ئینسان بەڕەوا دەبینن. ئەم کاروانەش بەبەشداری هەمووان بەمەنزڵ دەگا.

لەم یادەدا بە پێویستی دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی یەکە بەیەکەی ئەو بەڕێزانە بکەین کە لە زەمینە جیاوازەکاندا لە پاڵ دەنگەکان وەستاون:

1- شلێر ڕەشید ( کۆڵەکەیەکی بەردەوامی دەنگەکان)
2- ڕزگارعومەر
3- سمکۆ کەریم
4-عەلی مەحمود محەمەد ( هەمیشە و بەردەوام وەکو سەربازێکی ون لە پاڵ دەنگەکاندا وەستاوە.)
5- ڕزگار ئاکرەیی , کاوەحەسەن پیرۆت , عەبدوڵا سلێمان, سامان سەعید و دەیان نوسەرو ڕۆشنبیری تر..

هەروەها سوپاسی ئەم نوسەرە بەڕێزانە دەکەین کە کتێبخانەی دەنگەکانیان دەوڵەمەند کرد بەبەرهەمەکانیان:
دکتۆر ڕەفیق سابیر ,ژوانی ڕووناکی , ڕوونبوونەوە, کولتورو ناسیۆنالیزم
ئارام ڕەشید , جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ
جەزا چنگیانی , نهێنییەکانی سەری زمانی من و گۆی مەمکەکانی تۆ
ڤینۆس فایەق , گوناهە جوانەکان
جەمال غەمبار , هەمیشە بالەوێ بین لای عەشق
ڕزگار شێخانی , داستانی فاتیمە
ناڵە حەسەن , ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر - عەشقی بەرائەتی ئاو
نوری کەریم , تابلۆیەک لە یادی ئەنفالدا
لەڕووی مادیشەوە ڕزگار عومەر 40$ ی کۆمەک بە دەنگەکان کردووە

هیوا دارین ساڵی داهاتوومان ساڵی پێکەوە کارکردنێکی باشتر بێ

گۆران عەبدوڵا
بەرپرسی ماڵپەڕی دەنگەکان
2005-06-1